


# جارێکی دیکە بۆ ژیان دەگەڕێمەوە

ئارەزوو

بەشی یەکەم

پێشینان لە خۆراوە نەیانگوتوە "کەوتن هەڵسانەوەی بە دواوە دێ" منیش دوای نائومێدبوون و بێهیوایی لە رادەبەدەر و هانا بردن بۆ مەرگ جارێکی دیکە نۆژەن بوومەوە و بۆ ژیان تێ هەڵچوومەوە.

هێشتا هەر زۆر منداڵ بووم کە کوڕێکی دراوسێی خۆمان دڵی لێ دزیم و منی گیرۆدەی خۆی کرد. راستیەکەی من و ئەو کوڕە هاوتەمەن بووین، بەیەکەوە گەورەببووین، بە منداڵی یاریمان دەگەڵ یەکدیدا دەکرد، دایک و باوکی هەردووکمان دڵ گەرمیان دەکردین کە بەیەکەوە یاری بکەین، هەردووکمان لەیەک فێرگە دەمانخوێند، بەیانیان بەیەکەوە رێگەی فێرگەمان دەگرت و دوای تەوابوونیش بەیەکەوە دەهاتینەو. تەنانەت بەیەکەوە مەشق و راهێنانەکانمان جێبەجێ دەکرد. وشەی شەرمەو پەشمە لە گۆڕێ دانەبوو، تا لە قۆناغی ناوەندیش بووین کەسێک رێگەی دواندن و دیداری لێ نەدەگرتین، بەڵام کاتێ پۆلی سێی ناوەندیمان تەواوکرد، ئیدی وردە بەردیان لەسەر رێگە دانان، ئامۆژگاری منیان دەکرد کە نابێ قسەی دەگەڵ دا بکەم و سڵاوی لێ بکەم، ئەمە بۆ من شتێکی ئاسایی نەبوو. ئێمە نزیکەی پازە ساڵ بەیەکەوە یاریمان کردبوو، چیرۆکمان بۆ یەکتر گێڕابۆوە، مەشق و راهێنانمان ئەنجام دابوو، ناخی دەروونی یەکترمان خوێندبۆوە، بەڵام بیرمان لە ئەڤین نەکردبۆوە، وەکو دوو هاوڕێ قسەمان لەگەڵ یەکتر دەکرد، وەکو خوشک و برا لەیەکتر تووڕە دەبووین و ئاشت دەبووینەوە، بەڵام کاتێک رێگەیان لێ بەرتەسک کردینەوە و سنووریان بە دەورەدا کێشاین، ئیدی حەزی هەرزەکارانە لە ناخماندا چەکەرەی کرد، ئەو دڵی لێ دزیم و منیش دڵی ئەوم زیندانی کرد، ئیدی بەرەو مێرگ و پاوانی ئەڤین هەڵکشاین و لە داوی خۆشەویستی کەوتین.

ئێمە دوو خۆشەویستی رووت نەبووین تا تەنیا نەمامی ئەڤین لە دەروونماندا چەکەرەی کردبێ، بەڵکو تا ئەو پەڕی تاسە یەکترمان خۆشدەویست ،بەڵێنمان بەیەکتر دابوو یان مەرگ یان بۆ ماڵی هاوبەش. بەو حەزو ئارەزووانەوە گەورە دەبووین و باڵامان دەکرد. هەرچەندە کە ئەڤین و خۆشەویستی باڵای دەکرد، دیواری دەورەشمان بەرزتر دەکرایەوە، هەموو درزو دەلاقەیەکیان لێ دادەخستین، هەرەشەی مەرگیان لێدەکردین.



مامەکانم سوێندیان لێخواردبووم ئەگەر جارێکی دیکە بزانن قسەم لەگەڵ ئەو کەسەدا کردووە، ئیدی گۆشاوگۆش سەرم دەبڕن. براکانی ئەویش دارکاریان کردبوو، تێیان گەیاندبوو کە ئەوان لەسەر ئەو پێوەندی دراوسێیەتی و ناسیاوی ناپسێنن. ئیدی وردە وردە بازنەی خاڵداریان بە دەورەمان دا دەکێشا. راستیەکەشی هێشتا کاتی ئەوەمان نەهاتبوو تا باسی ژنهێنان و شووکردن بکرێ. هێشتا نە ئەو دەیتوانی خێزان بەخێو بکات، نەمنیش توانی ئەوەم هەبوو ماڵ و مێرد بەڕێوە ببەم. هەموو پەیمان و بەڵێنەکانمان بۆ دوای تەواوکردنی خوێندن هەڵگرتبوو.

ئەو دوو برای لەخۆی گەورەتری هەبوو، بەپێی دابونەرێتی کوردەواری پێوانەی تەمەن دەکرێ، گەورەتر دەڕوات، گەورە جێگەی دەگرتەوە، گەورە دەروا، بچووک دێتە پێشەوە، وەک دەڵێن خشت دوای خشت!! بەو هۆیەوە ئێمە هەرگیز بیرمان لە زەماوەند نەکردبۆوە، هەردووکمان لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی دەمانخوێند، من لە زانستی و ئەویش لە وێژەیی.

نالێم لە هەڕەشەو چاوسوورکردنەوەی مامەکانم نەدەترسام، بەڵام بەهۆی هەندێ کچەی هاوڕێمەوە زۆر بە ئاسانی نامەکانمان ئاڵوگۆڕ دەکرد، کاتی ژووانمان دادەنا، دوور لە چاوی بەدکارانەوە یەکترمان دەبینی، دەردە دڵمان دەکرد و بەڵێنمان بۆ یەکتر نوێ دەکردەوە.

ئەو کەسێکی هەست ناسک، راستگۆ، دڵۆڤان و دڵپاک بوو، هەموو ئازارەکانی ناخی خۆی لە نوکی خامەکەیەوە دەهێنایە سەر کاغەزو بۆ منی رەوانە دەکرد. نامەکانی ئێمە بە پەڕێک و دووان تەواو نەدەبوون، هەندێجار دەفتەری سەد پەڕی بۆ پڕ دەکردمەوە، پەخشانی رەنگین و هۆنراوەی ئاشقانەی بۆ دەنووسیم. بەسەرهات و چیرۆکی ئەڤیندارانی بۆ دەگێڕامەوە. رۆژێکیان مامۆژنم میوانمان بوو، نازانم چۆن هێندە سادەو گەوجانە جانتاکەی خۆم لەبەر دەستی دانا، ئەویش دەفتەرو کتێبەکانی هەڵگێڕو وەرگێر دەکرد، من چووبووم خۆشاوی بۆ بهێنم، ئەو دوایین نامەی خۆشەویستەکەمی لێم دزی بوو. ئەو لەو نامەیەدا سەرکۆنەی کردبووم کە بۆچی تا ئێستا رێگەم نەداوە وێنەیەکی دووانە بگرین، ئەو تکای لێکردبووم لە ژووانی داهاتوودا هەناسە ساردی نەکەم و بەجووتە وێنەیەک بگرین. من نەمزانی ئەو نامەیە دەبێتە نارجۆک و لە نێو بنەماڵەی ئێمەدا دەتەقێتەوەو بەرەو دۆزەخ رەوانەم دەکات.

زۆر چاک لەبیرمە هەر ئەو شەوە مامەکانم هەڵیانکوتایە سەرمان، بە قۆنداغە تفەنگ و بە بۆکس دەموچاوی من و دایکمیان زامدار کرد. باوکم نەیدەتوانی لە ئاست مامەکانم دا نقەبکات، وەک خۆی گوتەنی مەسەلەکە ناموس بوو، ناموسیش گرانە!! پێوەندی بە هەموو خزمەکانەوە هەیە!!

ئەو شەوە من و دایکم وەکو دوو نێچیر لە داوی راوچی دڵڕەق کەوتبووین، گۆشتی برژاوی خۆمان بە شیشەوە وێنا دەکرد، من ئاگام لە ئازاری خۆم نەمابوو، دڵم بە دایکە هەژارەکەم دەسووتا، بۆیە چاوم تاریک داهات، بیرم لە خۆ کوشتن کردەوە، هەرچۆنێ بوو خۆم گەیاندە ناندینەکە، گالۆنێک نەوتم بەسەر جەستەی خۆم داکرد و گڕم تێبەردا. کاتێک گەرمایی پەلاماری دام، قیژاندم، ئەوان لەگەڵ هاوارو قیژەی راچڵەکین، ئەوەی بیریان لێ نەکردبۆوە وەک فیلمێکی سینەمایی لەبەرچاویان پێشان دەدرا.

# هاوسەرگیریی نەڕەسیو داهاتووێکی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە

ئامادەکردنی: نەسرینی نیکخواز

سەرژمێرە فەرمی و نافەرمیەکان، زانیاری و هەواڵە بەدەستهاتووەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ساڵانە بە هەزاران کچی نەڕەسیو بەبێ ویست و ئارەزووی خۆیانەوە بەشوو دەدرێن و بەرەو پرۆسەی هاوسەرگیری رەوانە دەکرێن. ئەو دیاردەیەش زیاتر بۆ وەدەستهێنانی پارە، چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان، لەکۆڵکردنەوەی کچان برەوی پێدەدرێ. هەڵبەت ئەو دیاردەیە لەنێو کۆمەڵگە دواکەتووەکاندا زەق و بەرچاوترە، بەتایبەتیش لەنێو کۆمەڵگەی پاکستان، ئێران، کوردستان، وڵاتانی عەرەبی، ئاسیایی و ئەفریقی دا . ئەمەش داهاتووێکی ترسناک بەرهەم دێنێ.

بەگوێرەی سەرژمێریەکان لانی کەم لە ئێران سی هەزار منداڵ و هەرزەکار کە تەمەنیان لەنێوان 10 تا 14 ساڵان بووە پرۆسەی هاوسەرگیریان ئەنجام داوە، زۆرینەشیان لە دادگە ئەنجام دراون، بەڵام رێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی منداڵ پێیانوایە زۆر لەو ژمارەیە زیاترە، بەوهۆیەشەوە رەخنە لەو یاسایە دەگرن کە دەرگەی لەبەردم پرۆسەی هاوسەرگیری کەسانی نەڕەسیودا کردۆتەوە.

هەرچەندە بەگوێرەی یاسای کۆماری ئیسلامی ئێران رێگە بە هاوسەرگیریی کچانی ژێر سێزدە ساڵ و کورانی ژێر پازدە ساڵ نادرێ، بەڵام لەدەرەوەی دادگەدا کچانی دەساڵیش مارەیان دەبڕێ و بە شوودەدرێن، بەڵام ئەگەر بەگوێرەی زانیاریەکان بێ ئێستا سی هەزار منداڵی خێزاندار تۆمار کراون!!

لە ئەفگانستان و پاکستان دا رەوشەکە زۆر خراپترە، چونکە خێڵ و هۆز و بنەماڵە یاسای تایبەتی خۆیان هەیەو گوێ لە یاساکانی دەوڵەت ناگرن، لەدەرەوەی دادگە کچانی خۆیان بەشوو دەدەن، هەندێجار شێوازی فرۆشتنی ئاشکراش وەردەگرێ. چیرۆکی ئەو کچانەی کە لەسەرەتای تەمەنیان دا بە شوو دراون و فرۆشراون گەلێک کارەستبار و جەرگبڕن.

ئێلناز ئەنساری پەیامنێری رایەڵەی ئاسمانی بی بی سی لە تارانەوە رایگەیاندووە: " هەرچەندە کە سەرژمێری ورد و راستینی منداڵانی خێزاندار لەبەردەست دانیەو بە ئاسانیش ئەنجام نادرێ، بەڵام دەتوانین راشکاوانە بڵێین کە دەیان هەزار منداڵ خێزانیان پێکەوەناوە"

ئەو درێژەی پێدەداو دەڵێ: "رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێیانوایە ئەو منداڵانەی کە لە دێهات و گوندەکانی ئوستانە دوورە دەستەکانی وڵاتی ئێران خێزانیان پێکهێناوە ژمارەیان لە سەدان هەزار کەس تێپەڕ دەکات"

هەرچەندە بە گوێرەی جاڕنامەی مافەکانی جیهانی منداڵ تا تەمەنی هەژدە ساڵ بۆیان نیە خێزان پێکبهێنن، بەڵام لەهەندێ وڵاتی وەکو ئەفگانستان و ئێران و پاکستاندا ئەو یاسایە کاری پێناکرێ، کەچی لەهەندێ وڵاتی وەکو کوردستان و وڵاتانی ئاسیایی و ئەفریقی دا بەگوێرەی دەستوور هاوسەرگیری لە هەژدە ساڵیەوە رێگەی پێدراوە، بەڵام زۆر راشکاوانە ئەو یاسایە لەبن پێ دەنرێ و کەسانی ژێر هەژدە ساڵی خێزان پێکدەهێنن.

لەهەندێ کۆمەڵگەو وڵات دا پزیشکی یاسایی ئەو رێگەیە بە منداڵ دەدات و رەوشی فیزیکی دێنێتە بەرچاوو رایدەگەیەنێ کە ئەو کەسە توانای ئەوەی هەیە خێزان پێکبهێنێ و بەخێوی بکات، بەڵام دیسانیشەوە ئەمە فێڵکردنێکی ئاشکرا و هەڵگەڕانەوەی سەر یاساکانە.

لەنێو کۆمەڵگە دواکەوتووەکان دا هاوسەرگیری لەدوای خۆ ناسینەوە رێگەی پێدەدرێ، پێیانوایە کاتێک کچان سوڕی مانگانەیان بینی، ئیدی خۆیان ناسیوەو توانای ئەوەیان هەیە شوو بکەن و خێزان پێکبهێنن!! هەروەها کوڕانیش کاتێک شەیتانی بوون ( لە خەودا ئاویان هاتەوە) ئیدی دەتوانن ژن بهێنن و خێزان پێکبهێنن، بەڵام زانستی کۆمەڵایەتی و پزیشکی ئەو بۆچوونە سەر ڕاست ناکاتەوەو مرۆڤ هاندەدات تا لە دوای تەمەنی هەژدە ساڵیەوە بیر لە هاوسەگیری و پرۆسەی سێکسی بکەنەوە. ئەمە واتای ئەوە نیە کە لە کۆمەڵگەی ئوروپایی مرۆڤەکانی ژێر هەژدە ساڵی سێکس ناکەن و منداڵ دروست ناکەن، بەڵکو ئێستا لە وڵاتانی ئوروپادا بنکەو مەڵبەندی پزیشکی تایبەت کراوەتەوە، رێنوێنی سێکسی هەرزەکاران دەکەن و ئامۆژگارییان دەکەن و فێریان دەکەن کە چۆن خۆیان لە منداڵ دروستکردن بپارێزن، بەڵام سەرباری ئەوانەشەوە هەڵدەکەوێ کە کچانی ژێر هەژدە ساڵی منداڵیان دەبێ و کوڕانی ژێر هەژدە ساڵی بە دزییەوە خێزانیان پێکهێناوە.

سەرباری هەموو ئەوانەشەوە دەبێ بە چاوێکی زانستیانە لەو گرفت و کێشانە بڕوانین کە ئەو خێزانە بچووکانە دووچاری دەبنەوە. ئەگەر ژن و مێردەکە هاوتەمەن بوون، یان جیاوازی تەمەنیان زۆر نەبوو، لەوانەیە کێشەکە گەورە نەبێ و ژیانی هاوسەرێتی زوو کۆتایی پێ بێ، بەڵام لە کۆمەڵگە دواکەتووەکان دا هەمیشە کچانی نەڕەسیو پێشکەش بە پیاوانی رەسیو یان بەساڵا چوو دەکرێن، بەمەش ناهاوسەنگی لە ژیانی هاوسەرێتی دروست دەبێ، هەندێک جار ژنەکان تەمەنیان کەمە کەچی ژمارەیەک منداڵیان لێ دروست کراوە، ئەوسا بێ مێرد ماونەتەوەو بژێوی منداڵەکانیش دە ئەستۆی دایکەکان کەوتووە.

لەو وڵاتانەی کە شەڕ و پێکدادانیان تێدایە رێژەی پیاوان لەچاو ژنان کەمتر دەبێتەوە، پیاوان دەکوژرێن یان ئاسانتر دەتوانن سەری خۆیان هەڵبگرن و بەرەو هەندەران بڕۆن، لەو کاتەدا بنەماڵەکان ناچار دەبن کە کچان و ژنانی ناچار بکەن تا لەگەڵ کەسانی گەورەتر ژیانی هاوسەرێتی پێکبهێنن، ئەوان هەوڵ دەدەن بەهەر شێوازێک بێ مێردێک بۆ کچەکانیان یان بێوەژنەکانیان بدۆزنەوە و لەکۆڵ خۆیان بکەنەوە، بەوهۆیەشەوە سەرەڕۆیانە رەفتار دەکەن و بیر لە داهاتووی کچەکانیان ناکەنەوە، ئاکام کچەکانیان دە دۆزەخێکی ترسناک داوێن، سەرەنجام کێشەو گرفتی گەورەیان لێدەکەوێتەوە.

پسپۆڕو شارەزایان پێیانوایە ئەو نەهامەتی و رەوشە ترسناکە سەرچاوەی لە هەژاری و نەدارییەوە گرتووە، پرۆسەی هاوسەرگیری منداڵانی ئاسانتر کردووە پیرە پیاوانیشی دڵگەرم کردووە تا ئارەزووەکانی خۆیان بگەن، بەڵام دیسانیشەوە ناکرێ ئاستی نزمی کولتورو فەرهەنگی ناوچەیی و دواکەوتووی نەتەوەکان لەبیر بکرێن.

جاران لە کۆمەڵگەی کوردەواری خۆمان دا زۆرینەی کچەکان لەسەر بێشکە دا لە کوڕانی خزمانی خۆیان مارە دەکران، یان گەورە بە بچووکیان پێدەکراو بەبێ ئاگاداری خۆیانەوە چارەنووسیان بەکەسێکی دیکەوە گرێ دەدرا، بەڵام ئێستا رەوشەکە جۆرێکی دیکەیە، ئەو دیاردەیە زۆر کزبووە، کەچی دیاردەی دڵگەرمکردنی کچان بۆ شووکردن برەوی پێدەدرێ. ئێستا هەواڵەکان باس لە ژمارەی ئەو کچانە دەکەن کە لە قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی واز لە خوێندن دەهێنن و شوو دەکەن، ئەمەش واتای ئەوەیە کە ئەوان هێشتا هەرزەکارن و بە هەژدە ساڵ نەگەیشتوون.

گرفتی هاوسەرگیری منداڵ یان کەسی ژێر هەژدە ساڵ هەر ئەوەنیە کە توانای پەروەردەکردنی منداڵی نیە، بەڵکو هێشتا رامانی ئەو کەسە بۆ ژیان ناتەواوەو پێویستی بە خوێندن و خۆ پەروەردەکردن هەیە. کاتێک مرۆڤێک بۆخۆی پێویستی بە فێربوون هەبێ ناتوانی وانەکانی ژیان فێری دیتران بکات. لەو کاتەدا کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و مرۆیی سەرهەڵدەدەن و خۆبەخۆ گەورە دەبنەوە. ژنەکان لەسەر منداڵ بوون دووچاری ئازار مەترسی مەرگ دەبنەوە، زانستی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان نیە، بەوهۆیەشەوە نەوەیەکی ناتەواو بەرهەم دێ. زۆربەی جارانیش ئەو هاوسەرگیریە بە جیابوونەوە کۆتایی دێ، بەتایبەتی ئەوانەی سەر بەهەوێ بە شوو دەدرێن و یان ناچار دەکرێن شوو بە پیاوێکی لەخۆیان گەورەتر بکەن.

مرۆڤ ئەگەر بۆخۆی پێگەیشت و هەژدە ساڵی تەواو کرد ئەوکاتە زۆر ئاساییە ئەگەر ئارەزوومەندانە کەسێکی لەخۆی بەتەمەنتر هەڵبژێرێ یان بیر لە پیاوێک بکاتەوە کە توانای بەڕێوەبردنی خێزانی هەبێ، بەڵام کچانی نەڕەسیو ئەو هۆش و بیرەیان نیە، هێشتا لەنێو حەزو ئارەزووەکانی منداڵیدا دەژین، خەون بەهەزاران شتی جوانەوە دەبینن و دەیانەوێ لەداهاتوودا چێژ لە ژیان وەربگرن، بۆیە کاتێک بە زۆرەکی بە شوو دەدرێن ژیانیان لەبەرچاو دەکەوێ و هەموو هیواکانیان دەپوکێتەوە، لەگەڵ ناکامی و دەردەسەری رووبەڕوو دەبنەوە، ئەمەش تەنیا کارەسات بەرهەم دێنێ.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com